سەرۆکی دادگای فیدراڵی و باڵیۆزی ئەمریکا پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان تاوتوێی دەکەن

ئەمە دووشەمە، سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی، دادوەر جاسم محمد عەبود، لەگەڵ باڵیۆزی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەغدا، ئیلینا ڤەمانڤسکی، سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان گفتوگۆی کرد.

لەبەیاننامەیەکی دادگای فیدراڵیدا هاتووە: سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی، دادوەر جاسم محمد عەبود، لە بارەگای دادگای باڵای فیدراڵی لە بەغدا، پێشوازی لەباڵیۆزی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەغدا، ئیلینا ڤەمانڤسکی کرد.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە سەرۆکی دادگای باڵای فیدراڵی بەخێرهاتنی باڵیۆزی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەغدا و شاندی یاوەری کرد، لە میانی دیدارەکەدا جەخت لەسەر وردبینی دادگای باڵای فیدراڵی بە دامەزراندنی پێیوەندی دوو قۆڵی لەگەڵ دادگا دەستوورییە نووداوەتییەکان کرایەوە بەمەبەستی ئاوگەڕکردنی شارەزایی یاسایی لە بواری دادوەری دەستوری بە پەرەپێدانی و سوودمەندبوون لە ئەزموونە کۆنەکەبووەکانی دادگا دەستوریەکان بە شێوەیەک کە بەشداربێت لە بنیاتنانی دروستی دیموکراسی و پاراستنی ماف و ئازادییە گشتی و تایبەتەکان. لە میانی کۆبوونەوەکەدا، پێشکەوتنی پێیوەندییەکانی نێوان عێراق و وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

پەداچوونەوەی بە کرا و ئەو پاڕەپشتیانەی پەشکەشکرا بە پتەوکردنی پەیوەندییەکان و پەشکەشکردنی هاوکاری لە بوارە جیاجیاکاندا، جەخت لەسەر گرنگی بەهێزکردنیان کردەوە لە پەناو عێراقێکی سەلامەت و ئاوەدان و بنیاتنانی دامەزراوە دەستوورییەکان بە شێوەیەکی دروست وپاراستنی دەستووری عێراق و چەسپاندنی ئەو پرەنسیپانەی کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێت سیستەمێکی دیموکراسی، نوێنەرایەتی، پەرلەمانی بنیات بنرێت، کە دەستووریش زامنی یەکگرتوویی عێراق، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر جێبەجێکردنی دروستی دەستوور سەبارەت بە دارایی و کارگێڕی دەسەڵاتکانی پارێزگارەکان کە لە هەرەمکدا ڕێکخراو نین، بەپێی ئەوەی لە مادەی (١٢٢/دووەم)ی دەستووردا هاتووە و ئەوەی لە مادەی (١٢١/یەکەم)دا هاتووە کە مافی بەکارهێنانی یاسایی بە دەسەڵاتدارانی هەرێم بەخشیوە وەکو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دادوەری بەپێی بڕگەکانی دەستوور بە پشتبەستن بەو ناوەڕۆکەکەیان سەبارەت بە دەسەڵاتە تایبەتەکانی دەسەڵاتی فیدراڵی.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە بابەتی هەڵبژاردنەکان بە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان تاوتوێ کرا و پێویستی دەزینەوەی هەموو ڕێگەچارەی پێویست بە ئەنجامدانیان بە شێوەیەک کە ببێتە هۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دادپەروەرانە و دەستبەرکردنی بەشداری کاریگەر تێیدا لەلایەن هەموو لایەکەوە.

لە درێژەی بەیاننامەکەدا کەباڵیۆزی ئەمریکا بە ڕوونی ئەوەی خستەڕوو کە وڵاتەکەی هەوەدەدات پێیوەندییەکی پتەو لەگەڵ لایەنی عێراقی لە ئاستە جیاجیاکاندا دروست بکات، بەتایبەتی لە بواری دادوەری دەستوریدا، ستایشی سەربەخێیی دەسەڵاتی دادوەری عێراق و ڕێی دادگای باڵای فیدراڵی کرد لە چەسپاندنی بنەما دەستوری و دیموکراسیەکان بە دەنیابوون لە بنیاتنانی سیستەمێکی پەرلەمانی لەسەر بنەمای سەروەری یاسا.